" توخمە سۆشیالیست و ئانارکیستەکانی نەو کرێکاران کە بوون، مەگەر کرێکار نەبوون؟" ئەوانە کرێکارە سۆشیالیست و ئانارکیستەکانن . ئایا خوێنەرێك هەیە کە بگاتە ئەو قەناعەتەی کە من باس لە بورجوازی بکەم. سەرنجی هاوڕیانە ئەوە بوو گەر ناڕەشنیوسێك لەو بگەیدا هەبوایە، دەبوایە ئەو کە من دەناسێت و دەزانێت ئام چەنە ، لە ڕەخنەکەیدا بینوسیایە " گەر چی من دەزانم کە ئای زاهیر ئاوا نییە بەڵام بە خوێنەر ناڕەشنە" . لەمە ڕەشنتر چییە کە من نوسیومە " توخمە … نەو کرێکارکان " باشە ئەمە ئەوە ناگرێتەوە کە ئەو توخمانە خەیان کرێکارن ، نە شتێکی دیکەن . وەکو پێشتریش وتم هەر کەس ئەو پرسیارەی بکردایە دەبوایە هاوڕێ نەیکردایە چونکە ئەو ئای من دەزانێت هەم کوردیەکەشی زۆر لەوەی من باشترە.

" بەدوا داچوونی شێوەش بوون و سۆشیالیزم زادەی بزووتنەوەی کرێکاریە نێك کەلەسەری ڕەشنبیرانی وردەبۆرجواز… ئەگەر ئێستاش سەیرای هەموو شکستەکان و نائومیدیەکان، لە دڕەوەی…"
بەچوونی من لەسەر ئەوەی سڕەوەی هاوڕێ جیاوازە من دەقاو دەق ئەوە بە ئای مارکسیانە دەزانم [ من دەنیام کە هاوڕێ هەژن مارکسیانە ناوانێت ، بەڵێ ئەو بگەیەی ونکردنەوەی دەوڵەت] . من وای دەبینم کە شێوەش بوون و سۆشیالیزم زادەی بزووتنەوەی بشرییەتە لەو کاتەوەی کە کەمەڵەی هیراشی و دواتریش کە گۆشەی کرد بە کەمەڵەی چینایەتی، نێك کرێکاران.
کۆشەی من لەگەڵ مارکس و مارکسییەکانا ئەوەیە کە ئەوان شێوەشی

سۆشیالیستی بە کرێکارانەوە و بە تایبەتیش کرێکارانی پیشەسازییەوە دەبەستنەوە چونکە ئەوە تیۆرێ ئابوریییەکەی مارکس و هەموو ژیانی خۆی بە ئەوە تەرخان کرد تاکو بیسەلمێنێ : شۆڕشی سۆشیالیستی هەر دەبێت لە سەر دەستی کرێکارانا بێت، بە ئەمەش دەبێت وەک پیشەسازیی بکرێت، پڕۆلیتاریا زیاتر بێت ، تەکنۆلۆجیا پێشبکەوێت ، دونیا بە عەولەمە بکرێت و لەم شتانە. من لەم بارەیەوە لە کتایی وتارەکەم و لە وتارەکانی تریشما چ بە کوردی و چ بە ئینگلیزی زۆرم لەم بارەوە نوسیوە ، گەر کەسانە دیانەوێت بزانن بە من لەگەڵ ئەو برگەیدا نیم بابەن تەنها دوا دوو بڕگەی کتایی وتارەکەم " ئایا چینی کرێکاران شۆشگێڕن؟" بخوێننەوە ، ئەو کات هەڵکارەکانی من دەزانن . لیرەدا تەنها ئەوە دەڵێم ئەوەی مارکس بە گرینگیشتن بە کەمڕەی سۆشیالیستی وەهمە، بەڵام وەهمەکەی مارکس لە لایەن سەرمایەدارییەوە بە بەرژەوەندی خۆیان بە هاوکاری بەلشەفی و پارتە کۆمۆنیستیەکانی تری دونیا کرا بە واقیع .

هاوڕێ هەژار دەڵێت " لێرەدا هەم هەست بە ستەمکردن لە کاڕڵ مارکس بۆەی هەموو خەتاکان بخرێنە سەرشانی ئەو و هەم ستەمکردن لە خودی کرێکارانی کۆمونیست دەبینم. تاکو.."
ئەوەی کە من نوسیومە ستەمکردن لە مارکس، نییە ، من هەموو نەهامەتی چەرخی ڕابوردومان سەبارەت بە بزوتنەوەی کرێکاران و سۆشیالیستی دگرینمەوە بە لینین و حیزبی بەلشەفی وە لینین، هاوکاتیش تیۆرەکانی لینین لە هەموو بوارەکانیا بە کارل مارکسەوە گرێدەدەمەوە . لینین شتەکیی نەکردوە بەدەر بێت لە ڕوانگەی مارکس . من هەوڵدەدەم کاتێک کە قسە لەسەر پرسەکان بکەم بیانگەڕمەوە بە گۆیشیان . کەواتە لای من ئەسڵی سەرچاوەکە مارکس ، دوای ئەوەش ئەوەندەی مارکس ناسراوە و فکر و تیۆرەکانی ئەو کارایی خۆی داناوە و دایدەنێت لەسەر سۆشیالیست و چەپ و هەندێکیش لە ئەنارکیستەکان ، ئەوەندە بیردۆزەکانی دیکە کە هاوڕێ هەژار ناونوسی کردون دایان نەناوە . بە کەسێکی وەکو هاوڕێ هەژار کە نزیکە لە منەوە پشموایە سەرجەمی پێست و وتارەکانم ڕەنگە بخوێنیتەوە ، دەبوایە لە مەبەستی من باشتر بگەیشتایە و لەو پرسیار و برگەیە، خۆی بپارستایە.
کاتێکیش کە قسە لەسەر هەر یەک لەو بیردۆزانە دەکەین ، مەسەلە سەرکەنکردن و تەشقەلەکردن نییە پێیان ،بەڵکو پشکنینی واقیعە کە ئایا ئەو شتانە بە عەمەلی ڕوویداوە یا هەر لە منداڵانی خۆیاندا لەبارچوون ، بەڵای من تیۆرەکەی مارکس کاتی خۆشی تیۆرێکی نزیک بوە ،دەنا بە درێژایی 160ساڵ بەرێکی دەدا.
" گەڵانکاریەکان چی بوون، خۆیی و پووکانەوە و ملکەچبوون و

سوپاسگوزاری کەیلەوارانە بۆ سیستەمی سەرمایەداری، یان گەلانکاریەکان بابەتی بوون و بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی بۆ هەموو شەوێك تیرۆرکراوە؟ هەموومان گەلانکاریە بابەتیەکان دەبینین، بەڵام هەموومان هۆکارەکان نابینین و ناکرێت بەبێ خوێندنەوە و دەستنیشانکردنی (خەیبووون یان بابەتیبوون)ی هۆکارەکان"

من لێرەدا هاوڕێ هۆزان بۆ ناکۆك دەزانم لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر لەهەمان کاتدا وتی، هەروەها لە زۆرێك لە پسپۆتکانیشیا، کە لەو بوارەدا دەدوێن . لێرەدا باس لە تیرۆرکردنی بزوتنەوەکە دەکات. باشە ئەگەر تیرۆرکراین لە لایەن کێوە و بۆ بۆکارهێنانی چەکی کە تیرۆر کراوین؟ لای من ئەوە ڕاستیەکە کە ئەوەندەی لە لایەن چەپەکان و کۆمۆنیستەکانەوە تیرۆرکراون ئەوەندە لەلایەن سەرمایەدارێوە، نەکراون . لە لایەکی دیکەشەوە هاوڕێ هۆزان لە هەندێك لە پۆستکانی سەر فەیسبوکیدا ئەو، خۆمان ، لەمە دەکات کە بوینەتە هەموو شتێك ، تەنانەت بە سیخوڕیش بە پاراستنی ئەم سیستەمە.

" بەڵام شکانەوەی جەنگ و کوژرانی خەڵك بە قازانجی کرێکاران، ناتوانم بڵێم، چونکە ئەوانەش دەکوژرێن یان خودی کرێکارانن، یان منداڵانی کرێکاران و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوانن. خۆ بەوانەکەم قوربانیانی جەنگ سەرمایەداران و دەسەڵاتداران و منداڵانی ئەوان بن، تاکو کرێکاران پشکی ئاگری جەنگیان بەرنەکەوێت و بۆ ق..."

لێرەدا واهەست دەکەم کە بۆ چەندینجارە ئاو وتارەکەی من شۆنراوە . چونکە من نەم وتووە کە ئەو جەنگانە لە قازانجی کرێکارانە ، بەڵکو پێچەوانەکەیم وتووە، دوای ئەوەش من نەم وتوە کە کرێکاران بە ئەنقەست دەچنە جەنگەوە دژ بە کرێکارانی وڵاتەکانی دیکە. من وتوەمە کە پگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کریکاران سیسیتەمەکە بەهێزتر دەکات ، ئەوە کرێکارانن کە قازانج و سەرمایە زیاتر دەکەن ، چەك و تەقەمەنی دروست دەکەن . کەواتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کرێکاران پارێزگاریی سیستەمەکە دەکەن . 8 تاکە ساڵ جەنگی نەوانی عیراق و ئێران بەردەوام بوو لەم وڵاتەی بر یتانیادا هێزێك نقابە مانی نەگرت دژی ، ئەوەندەی من بزانم لە هیچ وڵاتێکی ئەوروپای خۆرئاوادا ئەوە ڕوی نەدا. ئەوەیە کۆمەڵەم دەڵێم کرێکاران لەم وڵاتانەدا ژیانی خۆیان لەسەر ژیانی کرێکاران و چەوساوانی دیکەی دوونیا بنیاتنراوە و دەنرێت. من و هاوڕێ هۆزان پشتر قسەمان لەسەر ئەمانە بۆ درێژی کردووە و هەردووکیشمان هاوڕا بوین .

" زۆر بەداخەوە، چ هوشیارانە و چ ناهوشیارانە، چ خوازراوانە و چ ناخوازراوانە، هاوڕێ زاهیر لەنەو ئەو چەند دەڵێ خۆریکە جەنگ وەك

زادەی سروشتی سیستەم و سەروەریی چینایەتی و وەك پێداویستی لە سووەهێنەرەوەی بازار و وەك ئامرازی کوشتنی بەرهەنگاری و تێکۆشانی پڕۆلیتەرەکان بەگشتی و کرێکاران بەتایبەتی، دیکتاتۆر بە خواست و قازانجی کرێکاران؟"

لێرەدا مەبەستەکەی من لەو پێگرافە بەو لایەنەدا براوە کە تاکو خوێنەر خوێندنەوەی هیچ بە نوسینەکەی من بکات، یا بەو بارەدا دەخڵتە دەمی خوێنەر . من ئەوەم وتووە ، کە ئەوەی ئەم سیستەمەی راگرتووە و بەهێزی کردووە و بوتە هەی جەنگ و ئەم کارەساتانەی کە دەیبینین خولقاون ئەمەین ، خەمانین ، ئەمە بەش سەرکیەکەین لە سیستەمەکە کە سەرمایەداریە چ لە هەوی چەندایەتیەوە و چ لەوی چونایەتیەوە ، ئەمە بناخەی سەرکی دروستکەری ئەم کەمە و سیستەمین، بورجوازی، سەرمایەداریی بە بە ئەمە نیان دەتوانی و ناتوانن جەنگ، هەوکردن ، مافکاولکردن ، وێرانی دروستکردنی سەرمایە و ..هتد دروست بکەن . هەبەت هاوە ڕاست دەکات کە خودیی سیستەمەکە و سەروەری چینایەتیە [ بەڵام سەروەری چینایەتی بەوانەی سەروە دروست دەکرێت] ، کە دونیای بەم حاڵە گیاندوە ، باوە ناکەم کە من ڕایەکی جیاوازم لەو هەبەت ، بەڵام پرسیارەکە ئەویە ئەوە کێیە کە ئەو سیستەمەی بەهەزکردووە ؟ ئەوە کێیە کە ئەو قودرەت و توانایی داوتە دەست سەرمایەداریی ، بورجوازیی، تاکو ئەو جەنگ و نەهامەتیانە هووبدەن ؟ وەڵامەکەی: ئەمەین ، بە دەربەستییە لە هەکنەخستنی خەمانا ، نەبوونی یەکێتیمان ، غائیبووونی هەحی شۆشگێڕانە ، ئیدی بە هەر هەکارێك بێت. من ویستومە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە نەك ئەوەی کە هاوە هەژمن [ ناتوانم بەهم هەیگەڕاوەتەوە] بەڵام دیقەوتی لەسەر نەداوە.
هاوە هەژمن پرسیارەکی زەر جوان دەکات ، من ئەوەم قەبوە لە دەمی خوێنەرەکەوە بەڵام نەك خەیاوە چونکە ئەو من دەناسێت و دەبێت وەکو خوێنەرەکی وردا لە مەبەستی من گەیشتبێت لە نوسینی ئەوەدا . دەڵێت " بە من وەك خوێنەرەك، ئەو پرسیارە دێتە پێش، پەیوەندی ئەوەی ئەنارکیزم چیە و چی نیە، بە سەلماندنی "شۆشگێڕبوون و ناشۆشگێڕبوونی چینی کرێکار و کرێکاران" چیە؟ ئەوەی ئەنارکیزم هەزرە ...."

بە ئەمە من دەڵێم بەڵێ هەندەك لە ئەنارکیستەکان پێ لەسەر شۆشگێڕیتی کرێکاران دادەگرن و بە چەدمکی کرێکارانی وەاتانی پیشەسازیی گەشەکردوو، دەبینرێت، کە ئەم جەرە تەوانینە کورت دەهێنێت چونکە ئەی چی دەڵێن سەبارەت بەو وەاتانەی وەکو لای خەمان

و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و .. هتد ، کە کرێکارن بە تێگەیشتنی ئەوان هێشتا هەر کەمایەتییەکی زۆر کەمە ، کە لەو بارەدا ئەوە دەداتە دەست من، کە شەش هەر شەشی کرێکارانە نەك هی سەراپای کەمە و کەمەنتییەکەن. بەڵای من ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی نەوانی ئنارکیستەکان و مارکسییەکانە بە خودیی مارکسیشەوە و خاڵی لێکترازانیانە . حەز دەکەم خوێنەر ئەوە بزانێت من ناموێت لێخنە لە حیزبی کەمانیستی کارگەریی بگرم گەر پەنجە بە بنج و بناخەی یا سەرچاوە تیوریییەکەی کە لینینە ، ئانەکەشم ، من ناتوانم لێخنە لە لینین بگرم ، گەر بەڵاستی پێویستی نەکەمەوە بە مارکسەوە . لە کاتێکدا کە مارکس و لێحی مارکس و تیورەکەی تا ئێستاش زاڵە و لە خزمەتی سەرمایەدارییدایە هەر ئاواش دەمێنێتەوە. لای من بەشێك لە خەباتی ئەمڕۆ دەبێت لە هێواشاندنەوەی چەمکە ئابووریی و سیاسییەکانی مارکسەوە دەستپێبکات ، گەرچی لێنگە کەسانێکی زۆری ئنارکیست لەمەدا لەگەڵما نایانەوێ [ ئەمە بە ئەمەی کورد زۆرووریییە چونکە هەموان دەبینین تازە کتێبی سەرمایەی مارکس دەکرێت بە کوردی و وانەی لەسەر دەوترێتەوە یاخود کتێبەکانی لینین و ترتسکی دەکرێنە کوردی و خەڵکیان پێ دەبەنگدەکرێت] . بەڵام ئەوە ئاشکرایە چەپ و سۆشیالدیمکرات و کەمانیست و سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکان تا ئێستا هەژمون و کارایی خۆیان هەیە و لە هەموو هەنگاو و کارو پلانێکیانا پێنا بەچەمکەکانی مارکس و لینین دەبن. هاوڕێ هەژن خۆی باش دەزانێت گەلێك لە مارکسییەکان ناتوانن یەك لاپەڕە بنوسن گەر پێنا بە قسەیەك ، بگرە یەکی مارکس ، ئینجلس ، لینین، ترتسکی نەبن . بۆیە دەبێم لە پاڵ کارەکانی دیکەمدا ئەوەش بەشێك دەبێت لە کارم، من ئازادم لەرەدا چۆن بیر لە مارکسی و ماکسیە-لینینییەکان دەکەمەوە ئەوەندەی پرسەکەم نەبەم بەڵای درەکردن و بوختانکردن و شکاندنی کەسایەتییەکانیان، هەر ئاواش هەموو هاوڕێیانی دیکەش بەهەمان شێوە ئازادن . ئەوەشی کە بە من دەڵێت ڕوانگەی من بە چینی کرێکارن و کەڵێی ئایندەی سۆشیالیستی ، ڕاست نییە، فەرموو با لە شوێنیکدا [ مەبەستم هاوڕێ هەژن نییە بەڵکو ئەو خوێنەرانەیە کە ئەو ناوی هێناون ] ڕۆشنایییان بخەینە سەر. بەڵام گەر ئەو هاوڕێیانە ئامادە نەبن ئەمە بکەن بە هەر هەکارێك ، کەچی خەم و ئنارکیزمیش تاوانبار بکەن لەژێر لەوەوە ، ئەوەیان دەسەڵاتی من نییە.

جەمکی پەڵیاتاریا بەو شێوەیەی کە هاوڕێ بکاری هێناوە و لە تەك ئەوەشی کە دەمێنێتەوە جگە لە باڵادەستان و دەستبژێر ، من ناکەکیم لە گەڵیدا نییەو هەر ئەوانەن کە شەش دەکەن . دەبێت

ئەوەش بەم گرژ شێوەیە بە تەنها هەر هی کرێکارانێک بێت کە لەسەر کار ، بە واتایەکی دیکە گرژ ئەو کرێکارانە خەیان بە تەواوی خەڵکانی دیکە لەناو کۆمەڵگەکە ، دژ قۆڕکە ، بەندنکەرەوە و تەنها خەیان دەستبگرن بەسەر کارگە و کارخانەکان و مزرعەکانا و شورای کرێکاران یا کۆمیتەی کرێکاران دروستبکەن ، ئیتر ئەو کاتە خەیان بەرهەمهێنەر و دابەشکەر و بڕیاردەبن ، بەدەر لە سەرجەمی خەڵکانی دیکە ، سەرەنجامەکەی دروستکردنی دەسەڵات ، نە شتێکی تر .
" … چونکە تەنیا لەنێو ئەو بیرکردنەوە و تێواننە، "جیهانی سێیەم" شۆشگێڕ نیە و پڕۆلیتاریای تێدا نیە. ئەوەی داڕژرانی ئەو تیئۆریە چی دەڵێن، چ پەیوەندیەکی بە چینی کرێکار و کرێکاران و سەلماندنی "شۆشگێڕبوون و ناشۆشگێڕبوونی چینی کرێکار و کرێکاران" هەیە؟ کە گوتوویەتی کاتی شۆش نەهاتووە؟"

ئەوەی کە لەو دوو کەواندا هاتوە، ڕای من نیە ، ئەوە ئەو تیورەیە کە بوو بە چەمکێك، ئەسڵەکەی بە مارکس دەگەیتەوە نەك بە سیتالین و لینین. هەبەتە مەبەستم ئەوە نیە کە مارکس بە دڵ ئاوای وتووە ، بەڵکو لە لێکدانەوەی چەمکەکانی ئەوەو مارکسیەکان گەیشتنە قۆناغەتی هەبوونی ئەو 3 جیهانە. ئەمش لە دابەشکردنی قۆناخی هاتنی کۆمەڵەوە بە 5 کۆمەڵ، دیارە ئەوە ڕاستە لە هەر یەکێکیانا چوسانەوە بووە واتە چوسێنەر و چوساوە هەبووە ، هیراشیەت بەردەوام بووە بەڵام ئەمانە لە هەر قۆناخێکیانا شیوازێکی جیاوازی بەخۆوە گرتووە . ئا لەم بارەدا مارکس و مارکسیەکان کۆمەڵی سۆشیالیستی ڕەتدەکەنەوە ئەگەر کۆمەڵەکە بە قۆناخی سەرمایەداریی پێشکەوتووەدا، تێنەپەڕێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەوانییش و مارکسیش هیچ بایاخێکیان بە کێشەی هیراشیەت نەبووە . داوای لێبوردن دەکەم کە دیسانەوە دەبێت سەری خوێنەری پڕوە بییشنم چونکە هەم لەم سەرنجانەدا باسم کردووە هەم لە وتارێکانی دیکەشمەدا بە درێژی لەوە دواوم . مارکس و مارکسیەکان چینی کرێکاران بە دینەمۆی شۆش دەزانن ، بە ئەمش باوەڕیان بە چەندایەتی کرێکارانە، بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و سەرمایەداریی گۆشکردوو هەبووە، ئەویش بە دوو هۆ: یەکەم : تاکو چەبوونەوەی (ئیستیقتابی) چینایەتی دروست بێت. دوو: مارکس باوەڕی وابووە کەمی بەرهەم و خواردن کێشەی گەورەی کۆمەڵ بووە ، بە گومان لای ئەو گۆشکردنی سەرمایەداریی هەردوو کێشەکە مەیسەر دەکات . لەبە ئەوەش سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمیان کردوە بە دوو بەشەوە . ئەو تێواننەی مارکس و مارکسیەکان هەم چەمکی 3 جیهانی داهێنا و هەم

کۆمەڵی سۆشیالیستیشی پێ بڕند کرد و بەستییەوە بە کۆمەڵانێك کە سەرمایەداریی تیایدا گۆشیسێندووە . کە بەڵای من کۆمەڵی سۆشیالیستی سەرنجامی هەبوونی زەمینەی بونی چەوساندنەوە و هەبوونی پێبەندی هیراشیانەیە ، هەر لەبەر ئەمەش هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵی چینایەتییەوە ، خەبات بۆ کۆمەڵی سۆشیالیستی بووەتە پەویستی و ئامانج.

کۆشەی ئیکۆلۆجی هەرگیز نەبووەتە کۆشەیەکی بناخەیی لای مارکس ئەوەندەی لای پرۆکتکین و بوکچین بووە ، بگرە بە پێچەوانەوە مارکس باوەڕی وابووە کە دوو ململانێ هەیە. یەکەمیان ململانێی نێوانی چینەکان و دووەم ململانێی نێوانی بەشەریەت و سروشت ، ئەو بە ئەمەی وابووە بە ئەوەی بەشەریەت خەی ڕزگار بکات دەبێت پاوانەی سروشت بکات . کۆشەی ژینگە و ئیکۆلۆجی بەداخەوەم کە بڵێم ، زەرینەی کورد بە چەپ و کۆمۆنیست و ئاستییەوە ، تەقەی سەریان دێت و نەبوونە بەرنامەیەکی سەرەکی لایان ، کە لای من کۆشەی ئیکۆلۆجی بەشەکی گەورەی شێشە.
سەرنجی من بە پێگرافەکەی دوای ئەوەی سەرەوە. من هەرگیز نەم وتوە کە کرێکاران دژە شێشن ، من باس لە ئەستاو ئابووردوو دەکەم کە ئاستییەک هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە کرێکارن خەیان گونجاندووە لەگەڵ سیستەمەکەدا ، هاوکاتیش دەنیام کە لە ئایندەدا زەربەیان ئاوا بە دەربەستانە نامێننەوە.

" بەڵام (شێشی کۆمەڵایەتی) یان (کۆمەڵایەتییبوونی شێش) بە واتای هەموو خێك نییە، بەڵکو بە واتای بزووتن و گۆڕانە لە دەرەوەی نەخشە و قاڵبی ئایدیۆلۆجی پارتییەکان و ئامیاران، خەبەخەیی خێك،.."
لەگەڵ ئەو بۆگەیەی سەرەوەدا من گرفتکم نییە بەڵام لە پرسەی شێشدا لە بەرهەمی شێشدا گەر هەموو شتێك بە کۆمەڵایەتی نەکرێت ، ئەوە توژاڵێك دەبێتە هەموو شتێك . من پێشتر ئەمەم ئونکردەتەوە لەبەر ئەوە خەم دووبارە ناکەمەوە .
لە کۆتایدا دەڵێم من زەر سوپاسی هاوڕێ هێژن دەکەم بە ڕەخنەکەی ، گەرچی من نازانم هەموو خوێنەرێکی بابەتکەم هەر وەکو ئەوەی دەخوێنێتەوە ، یا نا، بەڵام ، هاوڕێ هێژن ئەو دەرفەتەی بە ڕەخساندم تاکو من خەم باشتر ڕۆشنبکەمەوە، نەکا خوێنەرانی دیکەش هەمان ئەنجامگیریی لە وتارەکەم بکەن .

زاهیر باهیر – لەندەن
02/09/2017

-_____

*خوێنەری بەڕێز گەر خوازیاری خوێندنەوەی وتارەکەی من و هاوڕێ هەژێن-یت، تکایە سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکە : Anarkistan.com

---

# ٣١ی ئاب لەکارنامەو سیاسەتی پارتی! … نوری بەشیر

میژووی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، لەسەرو هەمووانەوە پارتی وێکەتی سیخناغە لە سیاسەتی نەکرایەتی و خەشخزمەتی بە وڵاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانی دنیا… ئەم کارنامەو سیاسەتشیان بەشکە لە ماهیەتی چینایەتی ئەم حزبانە وەک حزب گەلەک کەنونەرایەتی بەرژەوەندی و سیاسەتی بەرژوازی و سەرمایەداران و بنەماڵەیی کوردستان دەکەن، ئەمانە بەشکن لەماهیەتی ئەم حزبانە چ لەشاخ و چ لەشارو لەیان جیانابنەوە.

٢٧ ساڵی دەسەڵات و کاروکردەوەی سیاسی و نەخشەو کارنامەی ئەم حزبانە لەشارو بەسەر ژیانی خەڵکەوە، پەاوپێ لەساتوسەودا و نەکەری لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە لەچەشنی حکومەتی بەعس، دەسەڵاتکانی حکومەتانی تورکیا، دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران و بردنە پێشەوەی ئەجیندای ئەمریکاو غەرب. کەمەگەی کوردستان و هەموو کەسکی ئاگا شاهیدی سیاسەتی ئەم حزبانەیە، کەچەن هەمیشە لە بەشایی و قەشتی نەوان دەوڵەتکانی ناوچەکەدا، خەریکی بەهرەبەردارین و هەرجارەی لەگەڵ یەکێک لەو دەوڵەتە چنگ بەخوەن و دەندانەی سەرمایە دەست تێکەڵ دەکەن و دەبنە جێبەجێکەری سیاسەت و نەخشەکانیان… دەبنە ئەقەڵەگوێیان و پێش لەشکریان بە دەکەن… تا سەدام حسەن و رژەمی بەعس مابوو، هەمیشە ئومێدەکیان پێوەی گرەدابوو تا لەدەسەڵاتی رەشی خەیان بیانکات بە هاوبەش. کە ئەم دەسەڵاتەش کەوتە بەر سیاسەتی ملهوڕانەو جەنگی ئەمریکا و غەرب، هەر ئەو حزبانەی سەدام حسەنیان بە ئەندازیاری حکومی زاتی دەزانی، ئەم جارە بوونە خەشخزمەت بە سیاسەتی جەنگی و ملهوڕانەی ئەمریکاو غەرب و لەسەر لاشەی لەخوەن هەڵکەشراوی خەڵکی عەراقدا، بەدوای

بەرژەوەندیەکانی خەباتەوە بوون، وە بوونە بەشێکی بەشدار لە مژووەیکی رەشی جەنگ و ئابووقەی ئابووری و ...تاد. بەدوای نەمانی دەسەلاتی سەدام حسین و رژەمەکەشیدا، ئیمزایان دا لەدەسەلاتێکی قەومی عەرەبی مەزهەبی لەچوارچێوەی فیدرالیزمەکدا کەکەشەی قەومی بەهەواسراوی هەشتەوە و بەردەوام خەریکی چەواشەکاری بوون. لەجیاتی ئەوەی کەک لە بەشایی دەسەلات لە کوردستاندا بەئاقاری سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی وەاتێکی سەربەخۆ وەربگرن، بوونە هاوبەش لە دەسەلاتی عروبی ئیسلامی و شاگەشکەی پێست و داهات و بەشداری سیاسی لە بەغدا بوون. بەو کارەشیان هەم کەشەی قەومیان بەهەواسراوی هەشتەوە لەچوارچێوەی عەراقدا و هەم بوونە ئەژدیهای هەزار سەر بە دزینی هەموو داهاتی سەرزەوی و ژێر زەوی کوردستان... قایمکردنی جێپێی سیاسیان بە سەرکوتی هەر دەنگ و بزوتنەوەیکی رەوای خەڵکی کرێکارو زەحمەتکەش لەدژی دەسەلاتی مافیایی و تاڵانکاریان.

ئەگەر ماهیەت و سیاسەت و نەخشەو کارنامەی ئەو حزبە بەرژوا ناسیونالسیتە کوردیانە، تاکو دەیەیک لەمەوبەر لەلایەن کەمۆنیستەکان و حزبی کەمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە ریسوا کرابێت و ئەو کارنامانەیان وەک عادەتێکی هەمیشەییان ناسرابێت. ئەوا ناچارایەتیەکانی تا ئێستای خەڵك، دژی پارتی و یەکێتی و بووەتە یەک پەیام و قسەوباسی رۆژانەی جەماوەری بەدژی ئەم هەزانە و ریسوا بونیان، بەتایبەت لەلایەن جەماوەری کرێکارو کەمدارامەتی کەمەگە لەکارمەندو مامەستا ولاوان و ژنان و خانەنشینانەوە، کەرۆژانە لەمیدیاکانەوە هاوارو ناڵەیانە بەدەست دەسەلاتی حزبە کوردیە خەماییکانەوەیە، کەهەموو جومگە ئابووری و سیاسیەکانی کەمەگەیان دەست بەسەردا گرتووەو مافیا ئاسا خەریکی تاڵانکارین.

٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ یەکەک و گەشەیکە لە درێژەی ئەو کارنامەو سیاسەتە کە خەڵکی کوردستان شاهیدیەتی... وە بەشیکە لە عادەتێکی هەمیشەیی و کارنامەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە چوارچێوەی جەنگی دەسەلاتدا. پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکایەتی مەسعود بارزانی، دەستی عادەت ئاسای راکێشا بە دەسەلاتی بەرژوا قەومی دەندەی بەعس بەسەرکایەتی سەدام حسەن، بە تەکشانی رەقیبی هاوبزوتنەوەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرکایەتی جەلال تاڵەبانی کەئەویش ببوە هاوکاری جمهوری ئیسلامی ئێران و هەزەکانی ئەم رژەمەی سەنگسارو سەدارەیی پەلکەش کردبوو بە کوردستان... بەم کارەشیان کارەساتێکی لەبیرنەچووەویان خستە سەر خەرمانی مژووی

ڕۆشیان.

٢١ ساڵ لەمەوبەر پارتی بۆ ئاشکرا دەستی کرد بە ژمێری سەدامی گەیاندەوە سەرخەتکی کوردستان و کوشتارکەی زەری لە ئازادیخوازان کرد بە بەرچاوی خەڵکی ناوچەکەو جیهانەوە، کەخەتکانکی زەر، لەمەدەنی و ئەندامانی حزب و لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەهەولێر بوونە قوربانی سیاسەت و بەرژەوەندیکانی شەخوازانەو دژی خەڵکی پارتی و بەدەستی هێزکانی ڕژێمی دەندەی بەعس، کەزەرەک لەوانە ئیعدام کران و زەرەکی تر تا ئێستا بەسەرو شوێنن. وەخەڵکی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی بەعسی ئاوارەو خەڵتانی خوێن کرد، تەنها بە ئاوەی هێزکانی یەکێتی نیشتمانی پاشکۆی پێبکات و تەوازن هێز لەبەرژەوەندی خەی هاوسەنگ بکات، کەلەوکاتەوە تا ئێستا بەشەو کێشەی نەوان ئێم دوو حزبەی کوردایەتی، بەنکەریان بە وەاتانی ناوچەکە و ئەمریکا، بە تاانکاری سەروەت و سامانی کوردستان و عێراقەوە، بەتام لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا یەک هەڵوێست و دەست لەناو دەست بوون، هاوکار بوون لەهێزارکردن، برسیکردن، بە ئاو و کارەبا و بە موچەیی خەڵکی کوردستان و تیرەرو ڕاووڕووت و کاری مافیایی و دابەشکردنی کوردستان بەزەرنی زەردو سەوز. واتێ ٣١ ئاب تاکێ کارنامەو عادەتی حزبەکانی کوردایەتی نەبووە، پارتی چەندین جاری تر پێشلەشکری بە دەبابەو هێزکانی دەوڵەتی تورکیا کردوە، شەی هێزکانی حزبەکانی تری کردوە. ساتوسەدای لەگەڵ ڕژێمی بەعس کردوە. حزبەکانی تری کوردایەتی بەتایبەتیش یەکێتی بەهەمان شێوە، تەنیا لەبەرامبەر مانەوەی دەسەاتیان بە بەرژەوەندی کەمایەتیەک و برسیکردنی زەربە لەکەمەگەدا، دەستیان لەهیچ تاوانکاریەک و نەکەرایەتیەک نەپاراستووە.

ڕاستە خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کەمەگە دژی یەکێتی و پارتی و سیاسەتەکانیان هەن، دژی کارنامەی پارتین لەوانە ٣١ ئابن لە هەنانەوەی بەعس بە کوردستان، بەتام هێشتا ئێم خەڵکە بەش مینەتە ئێم برسی و ەش و ڕووتە، ئێم خەڵکە بە موچەو ئاوو کارەبایە، ئەو خەڵکە کەسوکار تیرەرکراوانە، هەز گەلەکی کوردایەتی کە دژی مەدنیەت شارستانیەیە یارمەتی دەری کانپەرستیە، بەتام هێشتا ئەو خەڵکە ریزی خەی لەسیاسەت و ماهیەت و کارنامەی بەرژوا ناسیونالیزمی کورد جیا نەکردەتەوە، خۆشخەیاڵی بەو هەزانەو بزوتنەوەی کوردایەتی لەکەمەگەدا وقعیەتکی تاە. ئەمش بەتە هەی ئەوەی هەر کاتێک ئێم هەز ناسیونالیستانە ڕوپەش و ناوی خەی بگەت و لەژەر ڕوپۆشیکی تردا سیمای درەزنانەی بشارەتەوە، قابیلی

ئەو هەیە خەڵك شوێنی ئەو خەتە نوێیەو ئەو دەموچاوە تازەیەی ناسیونالیزمی کورد بکەوێت کەهەمان کارنامەو سیاسەتی پارتی هەیە.
٣١ی ئاب وەك کارنامەو سیاسەتکی پارتی کە ناتوانێت لە ماهیەت و کارەکانی ناسیونالیزمی کورد و پارتەکانی جیا بکاتەوە، قابیلی فەرامۆشکردن نیە، قابیلی ئەوەیە لەلایەن حزبەکانی کوردایەتیەوە دووبارەو سێ بارە بکاتەوە. پەیەکی ڕەش و شەرمەزاریە بۆنەوچەوانی پارتی و ناسیونالیزمی کوردەوە.
بەیە ڕێگاچارەی خەڵك بە دووبارە نەبوونەوەی کارەسات و مەرگەسات و یاریکردن بەچارەنوسیان، هاتنە مەیدانکی ئاگایانەو ڕەکخراوبوون و خەجیاکردنەوەیە کە لەکارنامەو سیاسەت و ماهیەتی ناسیونالیزمی کورد. خەڵکی کوردستان بە ڕزگاریان لەدەست ئەم دەسەاتەو ئەو مەرگەسات و تراژیدیایانەی لە چەشنی ٣١ ئاب، پێویستە دەستبەرن بە ڕەکخراوکردنی ڕزەکانیان لەدەرەوەی سیاسەت و بەرنامەی ئەم حزبانە، و پێویستە بەشوێن ڕێگاچارەی گونجاوو کارسازی خۆیانەوە بن کەهەزو دەسەاتی ئەم نوێنەرانەی بەرژوازی لەکوردستان بە هەمیشە دەستکەتا بکەن.

---

# مەسعود بارزانی گوللەی ریفراندەمی لە خۆی دا … فەهد گردەوانی

{{{پەنجەکانم هەوەڕن ئەگەر قەەمم بە سەربەخۆیی کوردستان بنووسی نەخۆر…. فەهد گردەوانی}}}
دیارە سەربەخۆیی میللەت پێویستی بە ڕیفراندەم نی یە و کوردیش وەکو هەموو میللەتان مافی سەربەخۆ و مافی دەوەەوت و مافی ئاەای هەیە . ساەی 2005 گەورەترین و پیرەزترین دەنگدانی خەکی کوردستان 88%98 بوو بە سەربەخۆیی ، کەچی پارتی و یەکەتی ئەو دەنگانەیان خستە ناو زبڵدان و پەکەوە چوونە بەغدا و دەستووری عەراقی تازەیان داشتەوە و یەکیان بووە سەرکی عەراق و یەکیان بووە سەرکی هەرەم .
مەسعود بارزانی هەتا بەرواری 25/9/2017 ی دەستنیشان نەکرد بە

ریفراندەم وڵاتان ئەمریکا ، بەریتانیا ، روسیا ، فەرەنسا ، تورکیا ، ئێران ، دەنگیان بەرزنەبۆوە و داوای دواخستن یان نەکرد گوایە کاتەکە نەگونجاوە . هیچ لەو وڵاتانە بە ئاشکرا و بە دزی دژی مافەکانی کوردستان نەبوون بەتایبەت لەپاش ئەوەی پێشمەرگە و کورد زۆر بە تۆندی دژی داعش هاتنە دەست .

لە کۆبوونەوەی سەری ەش لەگەڵ حزبەکان مەسعود بارزانی کە دەرگای پەرلەمانی داخست و سەرکەکەی شاربەدەرکرد بۆیاری ئەو بەروارەی بەسەر هەمووان چەسپاند . شەرە نووسین و شەە کۆبوونەوە پارتی و مەسعود بارزانی ناچارکرد بەبێ هیچ مەرج داوا بکەن سەرکی پەرلەمان و پەرلەمان بخرێتەوە کار ، ئەگەرچی سەیری بڵاوکراوە و نووسینی نووسەرەکانی سەر بە پارتی بکەیت بە دەیان بیرو را بڵاوکراوە لە دژی پەرلەمان و سەرکەکەی جارجارەش دەگوترا هەر پۆیست بەو بریارەناکرێت کە لە پەڵەمان دەربچێت بەکو هەردەبی ریفراندوەم ئەنجام بدرێت . دیارە قسە و نووسینی ئەو یاغنیشانە هەر لەسینگ دان و قون بادانە بێ ئەو بۆیارە بەبێ ئەوەی تەماشای ئەو کاردانەوانە بکرێت کە دێتە ئەنجام .
ئەگەر 25 ئەیلول هەموو خەکی کوردستان بەشداری پرسەی ریفراندەم بکرێن ئەوا{بەە} 98% بەداخەوە بەدەست نایەت و گەرمیان و سلەمانی و کەرکوک و هەندێک هەولێر و هەندێک دهۆک بە نەخێر دەنگ دەدەن و یەکەم کاردانەوە هەتا ئەگەر [بەە] زیاتریش بێت ئەوە دەاندن و کەرت کردنی گشتپرسی یە .

ئێستاکە داعش بە مەسعود بارزانی نیشان دەدەن و مەلەفی پەیوەندی مەسعود بارزانی و داعش دەهێننە سەر لاپەەی ەژنامەکان و بە ئاشکرا باسی لێوەدەکەن ئەوەش دەبیتە خۆکوشتنی سیاسی مەسعود بارزانی . نموونەی ئەوە داگیرکردنی کویت بوو لە لایەن [صدام حسێن] مردوو.
صدام حسین بەرلەوەی کویت داگیربکات لەگەڵ باێیوزی ئەمریکا دانیشت و بۆیارەکەی پێ راگەیاند باۆزی خانم هیچ دژایەتی بێ نیشان نەدا . بەام کە صدام حسین کابرایەکی بەناوی [علا]ی کردە پارێزگاری کوێت و کوێتی کردە شاری[ 19] عێراق ئیتر جیهان دژی وەستان و بەسەرشەی لە کوێتیان دەرکرد و پاشان روخاندیان ئەگەر ئەو کارەی نەکردبایە ەنگە هەنووکەش حوکمی دەکرد . هەموو جیهان دەزانن مەسعود بارزانی چەکی لەشکری موسڵی بەدەست کەوت و هەمووی گواستەوە بێ کوردستان . پاش ئەوەی داعش چوو موسڵی داگیرکرد و دەوڵەتی ئیسلامی تیدا اگەیاند .

هەردوو لێپرسراوی هەرێم فوئاد حسین و نیچیروان بارزانی بە ئاشکرا هاواریان دەکرد هەنووکە سنووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا نییە ، واتە دەوڵەتی ئیسلامی داعش . دیارە هێشتان مەلەف ئاشکرانەبووە چۆن داعش بەو ژمارە کەمە دەستی بەسەر شارەکی چەند ملیونی گرت .
دیارە مەسعود بارزانی و لێپرسراوەکانیان حسابی ئەوەیان نەکردووە کە داعش و دەوڵەتەکەی دەخرێنە زبڵدانی مێژوو و بەسەرشێوی لە موسڵ شاربەدەرکرێن بەبێ ئەوەی لێبگەڕێن تورکیا بەشداری بکات ئەگەرچی تورکیا هەندێکەک هێزی بە یارمەتی مەسعود بارزانی هێنابووە ناوچەی [بەعشیقە] و نزیک سنووری موسڵ بێ وەی [مەمەڵک] بکەنەوە بێ زگار کردنی شەکەرە دژاوەکانی داعش بەڕام ئەو پلانە لەلایەن عیبادی و ئەمریکا و روسیا پوچەڵ کراوە و تورکیا هەرچەند هاواری دەکرد شەڕی تێرۆریست دەکەین و بەشداری زگارکردنی موسڵ دەکەین بەڵام هاوارەکەیان فت دەرچوو .
کاک مەسعودیش بەبێ رەچاوکردنی بەشداری کردنی رزگارکردنی موسڵ هاواری لێ هەردەستا هەر ناوچەیەک پێشمەرگە رزگاری بکات لێی دەرناچی و تێدا دەمێنێتەوە بەیە سنووردک بێ پێشمەرگەش دانرا و شەڕەفی رزگارکردنی موسڵی لێوەرگیراوە و رێگانەدرا بەشداری بکرێت ئەگەرچی چاک دەزانین لای ناوچەکانی [نەبی یونس] ناو موسڵ بەشی هەرە زۆربەی کوردە و ماڵە خاڵەکانی مەسعود بارزانی کە هەردەم لەوێ ژیاون هەتا هەنووکەش زۆباری و شەبەک و رێکانی و کوردی تری تێدا دەژیت .
لە کاتی چەک وەرگرتنی پێشمەرگە لە دژی داعش گەلێک لەو چەکانە لە بازارەکانی کوردستان بازرگانی پێوە دەکرا ئەوەش بووە خاڵێک ئایا چۆن چەکی خێپاراستن و چەکی شەکردن لە دژی داعش بازرگانی پێوە دەکرێت ئەوەش لە نووسینەکانی ژنامەکانی [ئەمانی] هەنگی دایەوە ئەوەش دەبیتە مەلەفێک و لێپرسینەوەی بەدواو دێت و هێنانی لەشکری بیانی [تورکی] بناو خاکی [وەتەن] ئەوەش دەکەویتە [خانەی خیانەت] کردن جا ئەمەش دەبیتە مەلەفێکی تر لەسەر مەسعود بارزانی تۆمار کراوە .
بازرگانی بە نەوت کردن لەگەڵ داعش و هەوانە کردنی پارەی نەوت بە [سەندووقی هێلکە] و [جانتا] ئەوەش مەلەفی پارە سپی کردنەوەیە دەبێت سەرانی کورد وەڵامیان هەبێت بێ ئەوەی بزانن چۆن بازرگانی بە نەوت دەکرێت . لێدانی فڕۆکەکانی روسیا لەو [تانکەرەنەوتیانە] ئەوەش مەلەفە دەکەویتە سەر مێزی باس .
پێشمەرگە شەڕی دوچاری کرا و لەلایەن ئەمریکا و ئەوڕوپا یارمەتی [مالی و چەکی] دەکرا ، گەڵ پێشمەرگە بێ کرا بە چەکداری بەکرێ گیراو و شەکردن و هەر لەو کاتە سوود وەرنەگیرا لە پێناوی

سەربەخۆی کوردستان و بۆیارێک مۆرنەکرا [ئیمزا] کەواپێشمەرگە دەجەنگێ ئەگەرنا بەشداریتان لەگەرناکات ئایا ئەوکاتە بەبێ ریفراندۆم ئەو سەربەخۆی یە نەدەهاتە دی یا نزیک نەدەبۆوە .
کاک مەسعود بارزانی بە پاڵپشتی [ئیسرائیل] و [سعودیای عارەبی] سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەدەست دەهێنێت . سنووری ئێران و تورکیا بگیرێت [دابخرێت] سعودیا و ئیسرائیل لە ئاسمانەوە خواردن هەوانەی کوردستان دەکەن . لەو بێ مەعاشیە[موچە] کیلۆی [شەکر و چا] ببیتە [هەزاران دینار] چۆن کوردستان بە نەوت ئاوەدان دەکرێتەوە .
تورکمان و عارەبی کەرکوک وەکو کوردەکان بە پەرۆشن بێ ئەو ڕیفراندۆمە ، خۆ لە کوردستان تورکمانەکان نەتەوەی دووەمن لەپاش کورد هەتا ئەمڕۆ بەڕۆز مەسعود بارزانی بێ سەرکوەزیران و سەرۆک پەرلەمان و پلەی ئاوایان نادات بێ ئەوەی زیاتر لێی کۆبنەوە نەک هەوڵ لە بەغدا بکەن .
سەرکی هەرێم بێ ناچیتە هەڵبجە و سلێمانی و کەرکوک داوا لەخەڵکەکە بکات لە دەوری کۆببنەوە . خۆ سەرکی هەرێمی ئەو ناوچانەشە نەک هەر هی [سەری رەش] .
مەلەفەکانی لەگەڵ بەغدا بەچی دەگات لەکاتێکدا ئەگەر ڕیفراندۆم کرا کوردەکانی بەغدا شوێنیان دەکەویتە کامە ناوچەی ئازادکراو .
ئێستاکە پەرلەمان کۆبکرێتەوە بەبێ بەشداری بزووتنەوی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لەوێ بۆیاری دواکەوتنی ریفراندۆم بدرێت ئەوا مەسعود بارزانی بێ ماوەکی تر تەمەنی درێژ دەکرێتەوە ئەی ئەگەر نەکرێت شوێنی مەسعود بارزانی لە هەرێمی کوردستان چۆن دیاری دەکرێت .
گەڵێ دەبێت گولەی ڕیفراندۆم مەسعود بارزانی بەدەردی عەقید قەزافی و صدام حسێن و بن علی و حوسنی موبارەک نەبات .
فەهد گردەوانی 5ی ئەیلوولی 2017 ستۆکهۆڵم

---

# مۆزگردی سیاسی ... جۆلال بۆرزنجی

پێنجێ،
لە سەر مۆز،
دۆڵی خۆنجۆرێ ن،

لە کاتان هاتۆتەدەرەوە
شەویلاک،
کیبەردن.
کومپوتەر لەوێندەر نیە.
حەماوە هەساوە.
بتلە ئاو لەسەر مەزن،
بەهام وا لە دیموکراسی گەیشتوون
لە جیاتی بیخەنەوە
لە یەکتری دەگرن.
بوتە نیشانە دەپەکەت
بەهام شرۆڤە سەرچیغە.
کلک،
لەشوێنکی تر،
تەزدەکات !

---

# تەم لەخەمدا ناشتووە … ستار ئەحمەد

بەسە کاتی خەت لەدار مەدەو
رەحی تینووتیش سەر مەبە
لەعەشقی من دەنیا بە
بەرەو ئاسۆ جاویدانی سەر هەبە
مەڵ قەدەر هەمەواسە
رۆژەکان چاوەڵی تۆن و
شەوەکانیش بەرگی رووناکی دەپۆشن
ژوانگەکان مەراقیان کرد
هێندە گولیلکە هەکەشن
بەهار بەدوای تۆدا دەگری
خەزانی ناوەتە کۆ و
بەفرو بایەك بەرەو زستان
بۆئەو دیوی خەمی سرك و
عەشقی شەهیدو

شۆنەواری روانگەکان
سەرەتاتکی خۆش هاتنن
شیعرەکانم وەکوو شۆن پێت
بەدوای هەنگاوی تۆ ونن
تەمەنت زوو کۆکەرەوە
رۆژ لەبەرکی شەوگار بنێ و
لەهەوەستکا وەرەوە
بزانە شنەی رەشەبا
چۆن لەنیگای بارانکا
دیدەکانی دەشواتەوە
لەمانگ بپرسە بۆ هێندە
بەبزەی خۆر
رۆحی رووناکی هەدەمژێ
بۆچی وەك تۆ تووڕە نابێ
ئەوینی شەو لەیاد ناکاو
هەمیشە بەستەی رازاوە
بەگوێی جوانی و
عەشقدا دەڕێ
دڵی نایە
ئەویندارانجبهە
وەکوو ئەو بە
بەرامبەر خۆر خۆت داکەنە
لەرۆحی شەوا راکشێ
بەسە کاتەکان مەکوژەو
چارەنووست بلاوێنە
نەبادا مردن
بەتەمەنت ئاشت بێتەوە
ئیتر تەواو
خەریکە زەمەنێك نەمێنێ بۆ ماچ
مەودایەك نێوانمان ناپڕێ
ساتەکان رووت دەبنەوەو
ئەستێرەکان لەیەك دەدەن
وەرەوە من تۆم لەخۆما ناشتووە
لەبەر تۆیە
خۆم و ژیانم خۆش دەوێ